# ڕۆڵی سیاسی چینی ناوەڕاست لە باشووری کوردستان (١٩٢١-١٩٦٨)

پ.ی. د.هیوا عەزیز سەعید*          هونەر ڕۆستەم فەتاح**

وشە کلیلییەکان: چینی ناوەڕاست، کورد، باشووری کوردستان، ڕۆژنامەگەری، مێژوو
https://doi.org/10.31271/jopss.10102

**پوختە**

کورد لە چاو گەلانی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگی دواکەوتووە، ئەم ڕەوشەش وابەستەی ژێردەستەیی و داگیرکراویی کۆمەڵی کوردیی و کوردستان بووە، بۆیە کاتێک چینی ناوەڕاست لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا لەسەر بونیادێکی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی خەملیووە، خەباتە ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەرییەکەی بە خەباتی سیاسیی و نەتەوەیی و سەربازیی ئاوێتە کردووە. بۆ تێگەیشتنی شێوازو میکانیزمەکانی خەباتی سیاسیی و نەتەوەیی و لێکەوتەکانی، هەوڵماندراوە بە میتۆدی خستنەڕوو و شیکاریی لە چوارچێوەی بابەتەکانی ناسیۆنالیزم و کورد، دامەزراندنی پارتە سیاسییەکان، گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ئاماژە بۆ لایەنەکانی خەباتی سیاسی چینی ناوەڕاست بکەین. لەم سۆنگەیەوە ساڵانی (١٩٢١ - ١٩٦٨) بۆ چینی ناوەڕاست لە باشووری کوردستان، قۆناغی ئاراستەپێدانی بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ناسیۆنالیزمی بوو، کە بە میکانیزمی جۆراوجۆر و دامەزراندنی پارتی سیاسی و خواستنی هزر و ئایدیۆلۆژیای نوێ کاریان لەسەر گۆڕانکاریی سیاسیی کرد، ڕۆحی پابەندبوون بە کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی مەدەنیان بە هێزتر کرد، لەو پێناوەدا دەیان ڕێکخراوی نهێنی و ئاشکرا و سەندیکای پیشەییان دروستکرد، کە لەماوەی نیو سەدەدا توانیان کاریگەریی لەسەر کۆی کایەکانی مێژووی کورد جێبهێڵن.

**ملخص**

**الدور السياسي للطبقة الوسطى في جنوب كردستان (١٩٢١-١٩٦٨)**

لأن الأحداث التاريخية لكلتا الفترتين (التاريخ الحديث والمعاصر) واحتلال القوى الإقليمية لكردستان، تسببت في تخلف الشعب الكردي أكثر من شعوب المنطقة في جميع الجوانب السياسية

* بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی hiwa.saeed@univsul.edu.iq
** خوێندکاری دکتۆرا، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

والاجتماعية والاقتصادية والثقافية في في الربع الأول من القرن العشرين، وعلى أساس ثقافي ووطني، كان على خاملي أن يخوض كفاحًا سياسيًا ووطنيًا وعسكريًا جنبًا إلى جنب مع نضاله الثقافي والصحفي، من أجل إيقاظ الشعب الكردي وتحريره من التخلف والقهر. في هذا الصدد، خلال السنوات (١٩٢١-١٩٦٨) استأنفت الطبقة الوسطى في جنوب كردستان بشكل عام والمثقفون والسياسيون بشكل خاص حركة سياسية وثقافية بالإضافة إلى تأسيس العديد من الأحزاب السياسية على النموذج الجديد للسياسة الحزبية. واستطاعت الأيديولوجية الجديدة تغيير النظام الحزبي في المجتمع الكردي وتعزيز روح الالتزام بالعمل التنظيمي والنضال المدني، ولهذا الغرض أنشأوا العشرات من المنظمات والنقابات السرية والمفتوحة. وفي المجالين السياسي والوطني.

## Abstract

**Political Role of the Middle Class in South Kurdistan (1921-1968)**

Because the historical events of both periods (modern and contemporary history) and the occupation of Kurdistan by the regional powers, had caused the Kurdish people to be more backward than the peoples of the region in all political, social, economic and cultural aspects In the first quarter of the twentieth century, on a cultural and national foundation, Khamli had to carry out a political, national and military struggle alongside his cultural and journalistic struggle, in order to awaken the Kurdish people and free them from backwardness and subjugation. In this regard, during the years (1921-1968) the middle class of South Kurdistan in general and the intellectuals and politicians in particular resumed a political and cultural movement that in addition to establishing several political parties on the new model of party politics New thought and new ideology were able to change the party system in Kurdish society and strengthen the spirit of commitment to organizational work and civil struggle. For this purpose, they created dozens of secret and open organizations and trade unions Move forward the spheres of Kurdish history in general and the political and national spheres.

## پێشەکی:

قسەکردن لەسەر چینی ناوەڕاست و ڕۆڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکەی و کاریگەریی لە ڕەوتی مێژوو، پانتاییەکی فراوانی لە کایەی نوسینی ئەم سەدەیە داگیرکردووە و لەنێو توێژینەوە ئەکادیمیی و زانکۆییەکانی جیهاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە.

گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدا دەردەکەوێت کە تا ئێستا لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا بە جیا، لە ڕۆڵی سیاسی و پارتایەتی چینی ناوەڕاستی کورد نەکۆڵراوەتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی جووڵە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی کورد و ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە سەدەی بیستدا، لەلایەن ئەم چینەوە جێبەجێکراوە، کە لە چوارچێوەیدا چەندین توێژ و دەستە و گرووپی نوێ خەملیون، هەر بۆیە توێژینەوەی لەم جۆرە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیی پڕدەکاتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی ڕۆڵی سیاسیی چینی ناوەڕاستە، بەتایبەت لە داواکردنی سیستمێکی دیموکراسی کە ئازادیی و فرەحزبی و تاکگەرایی لە چوارچێوەیدا ڕەنگبداتەوە، لەبەرئەوە بە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەوڵیانداوە خاڵی هاوبەشی سیاسی و ڕزگارییخوازیی لە نێوان گەلی کورد و عەرەبی عێراق بدۆزنەوە، ئەوە جگە لەوەی وردە بۆرژوای کورد داوای نوسینەوە و چەسپاندنی دەستور و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە یەکتر کردووە، لە پاڵ ئەوەشدا هەڵوێستیان لەسەر پرسە جیهانیەکانی وەک جەنگی سارد و بزووتنەوەی ئاشتیخوازایی و چەندین پرسی دیکە نیشانداوە.

سنوری توێژینەوەکە لە ڕووی کات (١٩٢١-١٩٦٨)ە، وەک سنوری جیۆگرافیش باشووری کوردستان دیاریکراوە، لەبەرئەوە ڕۆڵ و نەخشی چینی ناوەڕاست لە گۆڕانکارییە سیاسی و حزبییەکاندا پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە یە، کە بەهۆی سرووشتی بابەتەکەوە کە سۆسیۆ – مێژووییە، میتۆدیی خستنەڕوو و شیکاریی تێدا پەیڕەوکراوە.

توێژینەوە لە ڕۆڵی سیاسی چینی ناوەڕاست بێ گرفت و بەربەست نییە، لە بەرئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا چینە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی سرووشتی گەشەیان نەکردووە و سنورەکانیان ڕوون نین و تا ئێستاش کایەی مەعریفی و مێژوویی و کۆمەڵناسی کورد هیچ بیرمەندێکی دیاری بەرهەمنەهێناوە کە خاوەنی تیۆرییەکی کوردانەی خۆی بێت، لەبەرئەوە توێژەر ناچارە بە پەنا بۆ چەندین تیۆری جیاواز بەرێت بۆ ئەوەی کەتواری مێژووی و ڕۆشنبیریی ئەو کاتەی کوردستانی پێ بخوێنێتەوە، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی تایبەتمەند و زانستی لەم بارەیەوە، گرفتی دیاری توێژەربووە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە ڕێگەی چوار تەوەرەوە ڕوونکراوەتەوە، تەوەری یەکەم **دەروازەیەکی کورتە لەسەر چینی ناوەڕاستی باشووری کوردستان**، لە تەوەری دووەمدا **چینی ناوەڕاست و ناسیۆنالیزمی کورد** باسکراوە، هەنگاوە نەتەوەییەکانیان و گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی بۆ

هۆشیاری نەتەوەیی ئاماژەی پێکراوە، کە لەو هۆشیارییە جوڵە و بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بەرهەمهێنراوە. لە **تەوەری سێیەم ڕۆڵی پارتایەتی چینی ناوەڕاست** خراوەتە ڕوو، کە لە ساڵانی ١٩٠٨ بە دواوە توێژە ڕۆشنبیر و مونەوەرەکەی کورد لە تاراوگە و مۆدێلی نوێی حزبایەتی و پارتایەتی هێنایە کایە و دواتریش ئەم مۆدێلەی بۆ شارەکانی باشووری کوردستان گواستەوە و بە درێژایی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق ئەم چینە چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیریی دروستکرد، کە ڕۆڵیان لە نیشاندانی دۆزی کورد و بە دەستهێنانی مافەکانی کورددا هەبوو، **جگە لەوانە لە تەوەری چوارەمدا لە ژێر ناوی گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا**، هەموو ئەو هزرە نوێ و گۆڕانکارییە سیاسیانە خراوەتەڕوو کە ئەم چینە هێناویەتییە کوردستان و بە دروشمی خەباتی ئەو قۆناغەی داناوە.

## تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی کورت لە سەر چینی ناوەڕاستی باشووری کوردستان:

بونیادی چینی ناوەڕاست لە ڕووی پێگەوە بۆ سێ توێژی سەرەکی دابەشکراوە، توێژی ناوەندی باڵا و توێژی ناوەندی ناوەڕاست و توێژی ناوەندی خوارەوە. زۆربەی ئەندامەکانی ئەم چینە لە بوارەکانی خۆیاندا خوێندەوار و شارەزان، لەبەرئەوە لە هەر کوێ چینی ناوەڕاست زیادبکات ئەوا گەشەکردن هەیە، چونکە پسپۆڕێتی ئەندامەکانی ئەم چینە لە بوارەکانی زانستیی فرە جۆرن: سەربازیی، تەکنەلۆژیی، تەندرووستیی، ئەندازیاریی، بازرگانیی، فەرهەنگی، کارگێڕیی. جگە لەوەش تاکەکانی ئەم چینە تایبەتمەندیی هۆشیاریی و هەستیی ڕەخنەییان بەهێزە (عبدلله، ٢٠٠٠، ص٨٨).

زانایانی کۆمەڵناسی گروپەکانی چینی ناوەڕاست لە: خاوەن کارگە و بازرگانە بچوکەکان و خاوەنکارە سەربەخۆکان و پیشەگەرەکان(جورفتش، ١٩٦٨، ل٢٢٢) و دەستەبژێری ڕۆشنبیر و پزیشکان و ئەندازیاران و پارێزەران و مامۆستایان و نوسەران و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و ئەفسەران و بەشێک لە کرێکارانی تەکنیکی و خاوەن داهاتی سنوردار دەبینن (محمود، ٢٠٢٠). واتە تاکەکانی چینی ناوەڕاست لە پەروەردە و داهات بەهرەمەندن، خاوەنی سەرمایەیەکی ڕۆشنبیریین و هەڵگری خەم و پارێزگاریی کولتور و بەها باڵاکانی نەتەوەن، لە ڕووی ئابووریی و داهاتەوە لە ناوەڕاستیی هەرەمی پلەبەندی تاکەکانی کۆمەڵگەدان، خاوەنی گوزەرانێکن دەتوانن بەو بڕە داهاتەی هەیانە پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن.

هەرچەندە سەرهەڵدانی سەرەتایی چینی ناوەڕاستی کورد بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، بەڵام هەتا کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە بە لاوازی مایەوە، لە چارەکی کۆتایی وردە وردە گەشەیکرد و لە سەرەتای سەدەی بیست توێژی ڕۆشنبیرانی ناو چینەکە لە تاراوگە و لە شارەکانی وەک ئەستەمبوڵ و تاران و قاهیرە و وڵاتانی ئەوروپا گەشەیانکرد و بوونە بناغەی چینی ناوەڕاستی کورد، ئەوەش دوای پەیدابوونی کاری دەستەکۆیی و کۆمەڵە و گرووپی ڕێکخراو لەسەر بنەمای

بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ بۆ هێنانەدی ئامانجی نەتەوەیی، کە لەناو کوردانی دەرەوەی وڵات و لای ئەو پەناهەندانەی کە لە دەرەوە ژیاون (شوانی، ٢٠١١، ل٤١)، ئەوەش بە کاریگەریی ڕووداو و شۆڕشی گەلانی ناوچەکە، وەک: شۆڕشی بۆرژوازی ڕوسی لە (١٩٠٥-١٩٠٧) و شۆڕشی دەستوریی ئێران لە (١٩٠٥- ١٩١١) و کودەتای تورکە لاوەکان لە (١٩٠٨ -١٩٠٩) (سەعید B، ٢٠٠٦، ل١٥٧).

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گەڕانەوەی ڕۆشنبیر و فەرمانبەرانی باڵای دامودەزگای شارستانی و سەربازیی عوسمانی بۆ شارەکانی کوردستان، هەلی دەرکەوتنی چینی ناوەڕاستی لە باشووری کوردستان زیاتر ڕەخساند، کە جیاواز لە خەڵکی ئاسایی هەڵگری بیروباوەڕی نوێبوون (سەید قادر، ٢٠٢٠، ل٢٤٣)، سەرەنجام "دوو ناوەندی گەورەی ڕۆشنبیریی لە سلێمانی و بەغداد درووستبوون" (بلۆ، ٢٠٠٤، ل٣١)، کە چەندین ڕێکخراو و پارتیی ڕۆشنبیریی و سیاسییان دامەزراند.

لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، قۆناغێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە کوردستان سازاند، کە لە سایەی دام و دەزگای دەوڵەتی و خوێندنی فەرمی و گەشەسەندنی بازاڕ و سەرمایە و ئابووریی، پایەکانی چینەکە چەسپا و لە بیستەکان و سییەکان فراوانبوون. یەکەم ڕەنگدانەوەی گەورە و دیاری چینەکەش لە ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ بەرجەستە بوو، شێوازێکی نوێی خەباتکردن دەستیپێکرد (شوانی، ٢٠١٢، ل٣٦٣).

گەورەبوونی قەبارە و فرە ڕەنگی ئەم چینە لەکۆتاییی سییەکان، چینی ناوەڕاستی سەربەخۆکرد، دوور لە چینە باڵا ئەرستۆکراتەکە پرۆسەی گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و خەباتی نەتەوەیی لە عێراق و کوردستان ئاڕاستەکرد، لە دواتردا بونیادی کۆمەڵگاکەی بە ئاڕاستەی مۆدێرنبوون گۆڕی. ئەوەش دوای ئەوەی هەڵگرانی ئایدیای چەپ لە ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی کورد دەرکەوتن (الطالباني، ٢٠٠٩، ل٨٧).

دوای جەنگی دووەمی جیهانیی زۆربەی توێژەکانی چینی ناوەڕاست لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە گەشەکردندا بوون، لە تازەگەریی و پێشکەوتنەکاندا ڕۆڵیان دەرکەوت، ڕێژەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی سوپا و مامۆستایان و پارێزەران و ئەندازیاران و پزیشکان و بازرگانانی لە خۆگرت، کە زۆربەیان هەڵگری بیری ئازادیی و ناسیۆنالیستی بوون، لەلایەکی ترەوە دەستێکی دیاریان لە گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی و ئاوەدانی هەبوو (زكي، ١٩٩٦، ص٥٣)، لە باشووری کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق سەرجەم ئەو توێژە دیارانەی چینی ناوەڕاست لە چەندێتی و چۆنییەتییەوە گەشەیان کرد و چینێکی پێگەیشتوو بوون.

لە قۆناغی دواتریشدا، گۆڕانکارییە جیهانیی و ناوچەیی و ناوخۆییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، ئەم چینەی بە کایەی سیاسیی ئاوێتەکرد، بە درێژایی ساڵانی پەنجا و شەستەکان دەیان پارتی سیاسیی و کۆمەڵە و سەندیکای کوردیی درووستکران، کە ڕۆڵی دیاری مێژووییان گێڕا.

## تەوەری دووەم- چینی ناوەڕاست و ناسیۆنالیزمی کورد:

ڕاستە ناسیۆنالیزمی کوردی بە هزری نەتەوەیی گەلانی تورک و عەرەب لە ناوچەکەدا کاریگەر بووە، بەڵام یەکەم هۆکار بۆ پێکهاتنی خەسڵەت و سیما نەتەوەییەکانی کورد لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕەوشە بابەتیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریە ناوخۆییەکە بووە، دواتریش بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و دامەزراندنی چەندین پارتی سیاسی و نەتەوەیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا، زەمینەی بیروباوەڕی سەربەخۆیی و ناسیۆنالیستی لە کوردستان سازاند.هەروەها لە ئەنجامی فراوانبوونی هزر و بیری ئەو لاوانەی لە خوێندنگەکانی ئەستەمبوڵ و بەغدا، بیری ئازادیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانی گەشەیکرد و خواستی پێکەوەنانی ڕێکخراوی ڕامیاریی و جەماوەریی هێنرایە کوردستان و دەستبژێری کوردی لە شێوازێکی نوێ و هاوچەرخدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەریانهەڵدا(سەعید، ٢٠٠٣، ل٩٣)، کە کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و بە ئایدۆلۆژیاکردنی ناسیۆنالیزم کاریکردووە.

نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بە گرنگترین قۆناغی پێکهاتن و دروستبوونی نەتەوەیی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێت، چەندین سیمای نەتەوەیی کورد لە نوسین و ڕۆژنامەگەریی و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و خەباتی مەدەنی و گەشەکردنی بازرگانی و پەیدابوونی بازاڕ بە شێوازێکی زۆر پێشکەوتووتر لە قۆناغەکانی پێشتر دەرکەوتن (ئەبریشەمی، ب.س، ل٦١).

دروستبوونی نەتەوە بە بێ گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و سیستمی خوێندنی مۆدێرن و گەشەی زمانی هاوبەش و دروستبوونی بازاڕە گەورەکان مەحاڵە، چونکە گەشەکردنی شێوە نوێیەکانی پەیوەندیکردن زەمینەی لەدایکبوونی نەتەوە وەک پێکهاتێکی هاوبەش ووێکچوو دەڕەخسێنێت (ریزنیکوف، ١٩٨٧، ص١٧)، دواتر هەوڵ و تێکۆشان بۆ دروستکردنی سیستمێکی سیاسی یەکگرتوو لەسەر زەمین و کولتوری هاوبەش دەسازێنێت، بە مانایەکی تر نەتەوە کاتێک پێکدێت کە گروپە مرۆییەکان قۆناغەکانی خۆناسین و دروستبوونی بەشێکی زۆری تایبەتمەندییەکانیان تێپەڕاندبێت، بەشێکیی زۆریان بە ویستی هاوبەشەوە گەشتبنە ئەو ئاستە ڕۆشنبیریی و بڕوا بە خۆبوونەی کە خوازیاری دەسەڵاتی سەربەخۆ بن، چیتر فەرمانڕەوایی گروپی تر قبوڵ نەکەن(شوانی، ٢٠١١، ل٣٧)، کە ئەو خەسڵەتانە بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی چینی ناوەڕاست و لە مێژووی کورددا ڕەنگدانەوەی دیاری هەبووە.

لەم قۆناغەدا توێژە ڕۆشنبیر و ئینتلجنسیاکەی چینی ناوەڕاستی کوردستان، هەوڵیانداوە پێگەی خۆیان و ئایدیاکەیان لە کوردستاندا داکوتن و بە شێوازێکی هاوچەرخ گوزارشت لە کێشەی نەتەوەیی کورد بکەن، بۆ ئەمەش گوتاری ڕۆژنامەگەریی وەک میکانیزمێک دەخاتە پاڵ میکانیزمی خەباتی دیپلۆماسی و سەربازیی و لە ئەو خەباتەشدا هەوڵدەدات پێکهاتەکەی بە شێوەیەک بگۆڕێت، کە لەسەر بنەمای لە یەکگەیشتن و دانوستان بۆ جەمبوونەی هەموو هێزەکان لە پێناو مەبەستێکی

دیاریکراو لەگەڵ تاکی کوردیدا مامەڵە بکات (سەعید، ٢٠٠٣، ل٩٤).

کریس هارمەن لە پەرتوکی (سەرهەڵدانی پرسی نەتەوەیی)دا جەختدەکاتەوە کە بیری ناسیۆنالیستی بە زۆری لە ناو چینی ناوەڕاست لە شاعیران و هونەرمەندان و مامۆستایان و یاساناسان و فەرمانبەران و پیشەگەراندا سەرهەڵدەدات. بەڵام کاریگەریی خێڵایەتی کورد و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ ماوەیەکی درەنگ (شاعیران)ی وەک تەنها توێژی نوێنەر و دەنگی هاواری کورد بەرهەمهێناوە، کە زیاتر لە دۆخی هێرشی بێگانە و کارەساتە نەتەوەییەکاندا تۆخبووەتەوە (مەحمود پور، ٢٠١١، ل١٣٣).

لینین پێیوابوو "سەرکەوتنی سەرمایەداریی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دوو ڕووی یەک دراون، چونکە بنەمای ناسیۆنالیزم ئابووریی کاڵاییە، کە چینی بۆرژوای ناوەند کۆنترۆڵی بازاڕەکان و کاڵای پیشەسازیی دەکات، لەم پێناوەدا هەوڵی یەکخستنی سەرجەم ئەو زەویانە دەدات کە خاوەنی یەک زمانن، هەوڵی لابردنی سەرجەم لەمپەرەکان لە ڕێگەی بازرگانی و پیشەسازیی دەدات"(لینین، ١٩٦٨، ل١٩٨). ئەم دیدە لەگەڵ مێژووی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا یەک دێتەوە، چونکە لەو قۆناغەدا سەرەتای سەرمایەداریی لە باشووری کوردستان دەرکەوت و کاڵای پیشەسازیی (توتن، لۆکە، بەرهەمە کشتوکاڵییەکان) لە کوردستان دروستبوو، بەمەش هەوڵی دروستکردنی بازاڕ و کارەکانی وردەبۆرژوا و بازرگان و ڕۆشنبیریی کورد بە ئاراستەی گەشەپێدانی زیاتری ناسیۆنالیزم چڕبووەوە.

توێژەران بزووتنەوەکانی سەدەی نۆزدە لە ناو کورد بە بزووتنەوەی نەتەوەیی دانانێن، چونکە سەرکردایەتییەکی بۆرژوازییان نەبووە و داواکارییەکانیشیان بە پێی پێناسەکانی نەتەوەیی ناچنە خانەی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە(شوانی، ٢٠١١، ل٣٨)، چونکە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیی تاوەکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بنەمایەکی (ئاینی - نەتەوەیی) هەبووە و ڕێبەر و داینەمۆی بزاوتەکان کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی بوون (سەعید، ٢٠٠٣، ل٩٥)، بەڵام دواتر کەسانی ڕووناکبیر و شارنشین و پلەداری سەربازیی تێکەڵ بەم بزووتنەوانە بوون (شوانی، ٢٠١١، ل٣٨).

ئەم دۆخەی باشووری کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستدا، بەهۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی توێژە خوێندەوار و بۆرژواکەی چینی ناوەڕاستەوە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە مێژووی خەباتی ناسیۆنالیستی دەستپێکرد (عەبدولا، ٢٠٠٧، ل٩٨)، بەتایبەت باشووری کوردستان لە سایەی بریتانییەکان و لکاندنی ویلایەتی موسڵ، مەودای گەشەکردنی نەتەوایەتی زیاتریان بۆ ڕەخسا. ئەم هەلومەرجە مێژوویی و سیاسییەی کوردی باشووری کوردستان پرۆسەی نەتەوەسازیی لە فۆرمێکی تا ئەندازەیەک کامڵتر و تۆختر بەرپا کرد (سابیر، ٢٠١١، ل٤٧)، کە چینی ناوەڕاست بڕبڕەی پشتی ئەو خەبات و جوڵەیە بووە.

دوای ئەوەی ئەم چینە لە کوردستان گەشەیانکردووە و سەرکردایەتی جوڵە نەتەوەییەکانیان

لەدەستگرتووە، نوسین و خوێندنیان بە کوردی کرد و وشەی کوردی پەتییان داهێنا و ڕۆژنامەگەرییان برەوپێدا، لە جیاتی شوێنکەوتنی شێخ و میر و بەگ و ئاغا و بنەماڵەکان ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی و سیاسییان پێکهێنا. ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ لە سەرای سلێمانی، بەرجەستەکردنی کردەیی پێگەیشتنی هۆشیاریی نەتەوەیی بوو، چونکە لەم قۆناغەوە تێکەڵ بە سیماکانی شارنشینی بوو، سەرەتاکانی شێوازێکی دیکەی خەبات جیا لە بزاوتی چەکداریی دەستپێکرد، دەرئەنجامی ئەم ناسیۆنالیزمە نوێیەش دواتر لە سرودی نیشتمانی و ئاگری نەورۆز و کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا وەک هێمایەکی نەتەوەیی بەرجەستە بوو(شوانی، ٢٠١١، ل٣٣).

ئەگەرچی چینی ناوەڕاست خواستی پێشڕەوی خەباتی هەبوو، بەڵام بە تەنها و دوور لە سەرۆک خێڵ و دەرەبەگ و شێخەکان ئەم کارەیان پێنەکرا، چونکە دۆخی ناوخۆی کۆمەڵی کوردی هێشتا هاوئاوازی چینی باڵا بوو، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕایەوە، لەوانە:

سەرەڕای لاوازیی و بێهێزیی بۆرژوای کورد، هاوکات بنکەیەکی جەماوەری تۆکمەی نەبوو، هەندێکیان بە بێبڕوا و کافر لە قەڵەمدراون، لە بەرانبەردا سەرکردەکانی چینی کلاسیک لە نێو گوندیی و هۆز و دەروێشەکاندا دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبوو. ئەگەر هەندێک لە هەوڵەکانی چینی ناوەڕاست لە پێناو خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە سەرەتاوە و دوور لەو چینە باڵایە گەڵاڵە کرابێت، ئەوا لەبەر لاوازی بنکە جەماوەریەکەی و کەم تەمەنی ئەم توێژە، تەنها سنورێکی تەسک و خەڵکێکی کەمی لێکۆبووەتەوە، بۆیە لە پێناو فراوانکردنی ئەم خەباتە و چارەسەری ئەم گرفتانە، بۆرژوای کورد بە ناچاری بیری لە سیمبولێکی پیرۆز و کاریزمی کردووەتەوە، تاوەکو سەرنجی جەماوەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و بنکەیەکی فراوان بۆ خەباتەکەی لە جیۆگرافیایەکی فراواندا بنیاتبنێت (سەعیدB، ٢٠٠٦، ل١٠٨).

لەم سۆنگەیەوە دوای پێکهێنانی حزبی هیوا لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکار و ڕووناکبیرەوە، داوا لە ڕەفیق حیلمی کراوە سەرۆکایەتی حزبەکە بکات، نوری شاوەیش کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی هیوا بووە، نوسیویەتی: "دەستەیەکی نێوەندیمان دروستکرد بێ ئەوەی هیچ سەرۆکێک بۆ خۆمان دابنێین، چونکە هیچ کامێکمان ئەو دەسەڵات و لێوەشاوەییەی لە خۆیدا نەدەدی کە ببێتە سەرکردەی پارتی هیوا، لەبەرئەوە لیژنەیەکی سەرکردایەتیمان دانا"(سەعیدA، ٢٠٠٦، ل١٠٨)، دواتر ئاماژە بەوە دەکات (ڕەفیق حیلمی)یان بۆ سەرۆکایەتی حزبەکە بانگهێشتکردووە.

لە چل و پەنجاکاندا بەهۆی جۆراجۆریی میکانیزمەکانی خەبات و فراوانبوونی ڕیزەکانی چینی ناوەڕاست و خەباتی نەتەوەیی، گۆڕانێکی جۆریی لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا هاتە بوون، کە وایکرد لەهەردوو ڕووی ئاسۆیی و ستونی ئەم چینە لە گەشەکردندابێت، هەروەها زیاتر سیما و بەرگی ئایدۆلۆژیی لەخەباتدا ڕەنگبداتەوە.

توێژی ئەدیبان و شاعیران و هونەرمەندان بە شێوەیەکی ژیرانە بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری

نەتەوەیی هەوڵیانداوە، بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کورد پەرۆشبوون (مەحمودپور، ٢٠٠١، ل٢٤٧). قانیع شیعرەکانی لە ناو خەڵکی کوردستاندا بڵاوبوو، لە زۆربەی شیعرەکانیدا پرسی نەتەوەیی ڕەنگیداوەتەوە (حوسەین، ٢٠٠٢، ل٢٠٩)، لەبەرئەوە فەرمان و ڕەوشت و بەهاکانی کوردبوون بە تەواوی لای قانع دەبیندرێت (عەلی، ٢٠١٩، ل١٢٤).

نوسین بە (زمانی کوردی) یەکێکی دیکە لە بوارە گرنگە نەتەوەییەکان بووە، تاوەکو سەرەتای سەدەی بیست نوسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران بە زمانی بێگانەکان نوسیویانە، ئەمەش مایەی شانازیی و لە خۆڕابینین بووە:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە!**

(نالی، ١٣٦٤، ل٥٧٧)

دواتر ڕۆشنبیر و چالاکان زمانی کوردییان کردە زمانی نوسینەکانیان، بەڵکو ئەو کارە بە شانازیی دەزانن و بانگهێشتی هەموو خوێنەوارانی کورد دەکەن گرنگی بە زمانەکەی خۆیان بدەن و گەنجینەیەکی بێ وێنە لە وشە و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەرخەن کە پێشتر نمونەی نەبووە. لێرەوە ئەمین زەکی بەگ بۆ یەکەمجار لە دوای شەرەفخانی بەدلیسییەوە بە زانیاریی و وردەکارییەوە مێژووی کوردی بە زمانی کوردی نوسیووەتەوە، ئەو کارەی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی سەیرکردووە(قەرەداغی، ٢٠٢١، ل٢٥)، نوسیویەتی: "بەعزێ لە دۆستان ویستیان کە ئەم کتێبانە یا بە عەرەبی وە یا بە تورکی بنوسم، بەڵام بەڕاستی لام موناسیب نەبوو، کە تاریخی کورد و کوردستان، لە تەرەف کوردێکەوە بە زمانێکی غەیری کورد بنووسرێ"(زەکی، ٢٠٠٠،ل٩).

عەلادین سەجادیش مێژووی کوردی بە زمانی کوردی نوسیووە، باسی لە مێژووی کۆنی کورد کردووە و بنەمای نەتەوەی کوردی لەسەر خاکەکەی نیشانداوە و مادەکانی وەک باپیرە گەورەی کورد ناساندووە(عەلائەدین سەجادی،١٩٩٦،ل٣).

ئەمە سەرەڕای ئەوەی چینی ناوەڕاست لە خەباتی ناسیۆنالیستیدا هەوڵیداوە ڕێز لە بیرو بۆچوونە جیاوازەکان بگرێت و پرەنسیپی فرەڕایی و بەرژەوەندییەکان لە کۆمەڵدا بە گیانی لێکبووردن و مرۆڤدۆستییەوە وەرگرێت، لەبەرئەوە زۆر ئاسایی لە ڕیزی خەباتی ناسیۆنالیستی کورد موسوڵمان و مەسیحی و ئێزیدی بۆ یەک ئامانج و مەبەست هەوڵیانداوە، یاخود جوتیار و ڕۆشنبیر و ئاینپەروەر و بازرگان و پیشەگەر و خوێندکار و ئەفسەر و نێر و مێ بە دەستەکۆیی ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکان بوونەوە. هەر لە میانەی ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەدا هەوڵیانداوە گەشە بە دامودەزگای مەدەنی بدەن، کۆمەڵە و پارتی سیاسی و ڕۆشنبیریی و دەزگای چاپ و پەخش بکەنەوە، لە لاوازکردنی پێکهاتەی خێڵەکی کۆمەڵگای کوردی و ناساندنی سنورەکانی ئەرک و مافی تاک ڕۆڵی

گەورەیان گێڕاوە (سەعیدB، ٢٠٠٦، ل٢٠١).

ناساندنی کێشەی کورد بە جیهان و ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتان لە پێناو دۆزی نەتەوەیی کورد دیوێکی دیکەی کاری چینی ناوەڕاست بووە، لە چلەکان تاوەکو شەستەکان و شۆڕشی ئەیلول، ژمارەیەک خوێندکار و سیاسی کورد ئەم کارەیان کردووە و دۆزی کوردییان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان گواستووەتەوە، جەلال تاڵەبانی لەم بوارەدا ڕۆڵی هەبووە و بە درێژایی ئەو ساڵانە سەردانی یەکێتی سۆڤیەت و چین و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و میسر و چەندین وڵاتی دیکەی کردووە، لەم بارەوە ووتویەتی: "لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا چوومە پاریس، لەلایەن دەیان ڕۆژنامەی گەورەی وڵاتانی ئەوروپاوە بانگهێشت کرام بۆ چاوپێکەوتن وەک ڕۆژنامەکانی لوفیگارۆ، هومانێتی، لۆمۆند و چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی دیکە، کە هەموو دەیانویست لە سەر دۆزی کورد زانیاریان هەبێت، دواتریش نامەیەکم بۆ (هارۆڵد ویڵسن) سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا نوسی و باسی مەسەلەی کوردم تێدا کردبوو، ئەویش وەڵامیدامەوە و وتی: لە پەرلەمانی بەریتانیا باسی کێشەی کورد دەکەین، هەر واش بوو، کێشەکەیان تاوتوێ کردبوو، بە گشتی لەوڵاتانی ئەوروپا چالاکی باشمان ئەنجامدا"(مام جەلال، ٢٠١٧، ل٢٥٤)، کە دواجار ناساندنی خەباتی کورد بەو وڵاتانە لە قازانجی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکە کەوتووەتەوە.

بە دەرکەوتنی توێژە دیارەکانی چینی ناوەڕاست لە باشووری کوردستان و تێکەڵابوونیان بە کۆمەڵگاکانی دەرەوە و هاتنەوەیان بۆ کوردستان، هەوێنی سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بوون، ئەم چینە ئەرکی پێکهێنانی خەسڵەت و سیما نەتەوەییەکانی لە ئەستۆ گرتووە و ڕۆڵی بنچینەییان لە خەسڵەتە نەتەوەییەکانی کورد هەبووە.

## تەوەری سێیەم- ڕۆڵی پارتایەتی چینی ناوەڕاست:

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە توێژەکانی چینی ناوەڕاست بە گشتی بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاریی سیاسی لە کۆمەڵدا هەوڵیاندا، بەڵام سەرەتا ڕووبەڕووی کەتوارێکی ناسروشتی و دواکەوتوو بوونەوە، کە لە سایەی بێ دەوڵەتی و ژێر دەستەیی دروستبوو بوو، ئەمە گەورەترین گرفت و لەمپەربوو کە ئەرکی سەرشانی ئەم چینەی قورستر کرد، لەبەرئەوە ئەم چینە لە باشووری کوردستان لە لایەک خەباتی ناسیۆنالیستی و لەلایەکی تر خەباتی ڕێکخراوەیی و کاری ڕۆژنامەگەریی سەرپێخستووە، هاوکات سەرقاڵی خەباتی دیپلۆماسی و سیاسەتی نێودەوڵەتیی بووە.

گەڕانەوەی بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی هەندەران بۆ ناوچە کوردییەکان و ئەستەمبوڵ و لە دوای کودەتای ١٩٠٨ی تورکانی لاو، دروستبوون و پێکهاتنی توێژێکی دەستەبژێری هێنایە ئاراوە، کە توانییان چەندین ڕێکخراو و پارتی ڕۆشنبیری و سیاسی تایبەت بە کێشە کورد دابمەزرێنن نمونەی ئەو بۆرژوازە ڕۆشنبیرانەش وەک: دکتۆر عەبدولا جەودەت (١٨٦٩-١٩٣٢) و ئیسحاق سکوتی (١٨٦٨-

١٩٠٢) ومقداد مەدحەت بەردخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان و خەلیل خەیاڵی (١٨٧٦- ١٩٢٦) و عەبدولکەریم سلێمانی (١٨٨٠- ١٩٢٩) و شەریف پاشا (١٨٦٥- ١٩٥١)و ..... تاد، لەناوچەکانی باشووری کوردستانیشدا ( پیرەمێرد و زێوەر (١٨٧٥- ١٩٤٨)، عەبدولواحید نوری و محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨٠- ١٩٤٨) و مەعروف جیاوک (١٨٨٥- ١٩٥٨) و فایەق هۆشیار و ئەحمەد موختار جاف( ١٨٩٧- ١٩٣٥) و جەمیل سائیب (١٨٨٧- ١٩٥١) و مستەفا سائیب و تۆفیق وەهبی (١٨٩١- ١٩٨٤) بوون(سەعید، ٢٠١٣،ل١٣٩).

سەرەتای چالاکی سیاسی و خەباتی پارتایەتی لە شاری ئەستەمبوڵ دەستیپێکرد، ڕۆشنبیر و کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە دامودەزگای عوسمانی کارمەند و دەسەڵاتداربوون و بە کولتوری سیاسیی وڵاتانی ڕۆژئاوا کاریگەربوون. چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسیی و فەرهەنگیی و نەتەوەخوازیی کوردییان پێکهێنا، کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەقی کورد) لە ساڵی ١٩٠٨ بە یەکێک لە کاریگەرترین ڕێکخراوی کوردی ئەو قۆناغە دادەنرێت، کە لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر پێکهات، هەندێکیان ئەندامی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی بوون، هەروەها چەندین لاوی خوێنەواری ناوچەکانی کوردستانی تێدابوو، ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (کورد تعاون و تەرەقی غەزەتسی) واتە (ڕۆژنامەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد) دەرکرد، لە پێناو بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی تری وەکو ئەرمەن خەباتیان کردووە (عەبدوڵا، ٢٠٠٧، ل٩٧).

لە ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەی هێڤی لە شاری ئەستەمبوڵ لەلایەن چەند خوێندکارو ڕۆشنبیریی کورد دامەزرا، کە تەقەلا و تواناکانیان لە پێناو خزمەتی نەتەوەکەیان بوو(مالمیسانژ،٢٠٠٨،ل٩٧). دواتریش تاوەکو کۆتایی جەنگی یەکەم چەند پارتێکی وەکو کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ١٩١٨، کۆمەڵەی کوردستان (کوردستان جمعیتی ١٩١٦ز)، کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی ١٩٠٨، کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد (شریف، ٢٠٠٧، ص٤٥-٦٥) دامەرزان کە بنچینەی کاری سیاسی و پارتایەتی نوێ بوون و زۆربەیان لەلایەن توێژەکانی چینی ناوەڕاستەوە دروستکران.

لە دوای جەنگی جیهانیش شانبەشانی هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی کوردی، کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیریی لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و بەغدا پێکهێندران، کە خەباتی نەتەوەییان کردووە، بەشێکی دیاری دامەزرێنەران و هەڵسوڕێنەرانی ئەم پارتانە لە چالاکان و خوێندەوارانی سەر بە چینی ناوەڕاست بوون.

دیارترینی ئەوکۆمەڵە و پارتانە (جەمعیەتی کوردستان ١٩٢٢، کۆمەڵی لاوان ١٩٣٠، کۆمەڵەی زەردەشتی١٩٢٦، کۆمەڵەی ئەدەبی کوردستان، کۆمەڵەی مودافعەی وەطەن، کۆمەڵەی هۆگری، کۆمەڵەی پێشکەوتن١٩٢٦، کۆمەڵەی پشتوانی کوردان، کۆمەڵەی کوردی چاکسازیکاری ١٩٣٦، لیژنەی تۆڵە١٩٣٥، کۆمەڵەی برایەتی١٩٣٨، کۆمەڵەی ئازادی کورد١٩٣٨، کۆمەڵەی زانستی کوردی١٩٢٦،

کۆمەڵەی زانستی ژنانی سلێمانی، یانەی سەرکەوتنی کوردان، کۆمەڵەی بژاری زمانی کوردی، کۆمەڵەی هاوار١٩٤٥، کۆمەڵەی دارکەر١٩٣٧، پارتی هیوا١٩٣٨، حزبی شۆڕش١٩٤٥، حزبی ڕزگاری کورد١٩٤٥، پارتی دیموکراتی کوردستان١٩٤٦ بوون (شریف، ٢٠٠٧، ص-ص١٢٩-١٦٥).

ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی باشووری کوردستان گۆڕانکاریی سیاسی دیاریان لە ڕێبازی خەباتی نەتەوەیدا کرد، کە هاوشانی بیرکردنەوە لە خەباتی چەکداریی پارتی سیاسی و ڕێکخستنی نهێنیان دروستکرد، تاوەکو کۆمەڵگای کوردی بۆ نێو ئەو خەباتە سیاسییە نوێیە ئاڕاستە بکەن، کە دروستبوونی ڕێکخراوی دارکەران و دواتریش پارتی هیوا نمونەیەکی دیاری ئەم ڕەوتە نوێیە بوون.

هەرچەندە ڕێکخراوی دارکەران و دواتریش پارتی هیوا لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکار و خوێندەوارەوە پێکهێنران، بەڵام دواتر ئەو پارتە لە پێناو ڕاکێشانی زۆربەی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی هەوڵیدا هاوسەنگییەک لەنێوان ئایدۆلۆژیای توێژە ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیست و عەلمانییەکە لە لایەک و توێژەکانی پیاوانی ئاینی و سەرۆک خێڵەکان لەلایەکی تر دروستبکات (طالبانی، ٢٠٠٩، ص٩٢).

حزبی هیوا تاکەکانی کۆمەڵی بە جیاوازی ئاست و پلەی کۆمەڵایەتییان لە بەرەیەک و بە گیانێکی لێکبوردووانە لەخۆی کۆکردەوە، کە بە یەک ئاڕاستە خەباتیان کردووە، ئەفسەرێک لەگەڵ مافناس و خوێندکارێک، ئەمانیش لەگەڵ سەرۆک خێڵ و کەسایەتییە ئاینییەکان و کاسبکارەکاندا بە جیاوازیی لە بەرژەوەندیی و میکانیزمەکانی بەدیهێنانی لە یەک نزیک کراونەتەوە، لە هەوڵی ئافراندنی دۆخێکدا بوون کەسودەکەی بۆ هەگبە و قازانجی هەموان بکەوێتەوە. هەموو لایەنە کوردییەکانی لە ئەوپەڕی ڕاستەوە تا ئەمپەڕی چەپ، ناسیۆنالیست و سۆسیالیستەکان شانبەشانی یەک خەباتیان کردووە (سەعیدA، ٢٠٠٦، ل١٨٤).

لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦، پارتی دیموکراتی کوردستانیش دامەزرێندرا، بەتایبەت دوای گفتوگۆ لەگەڵ پارتەکانی شۆڕش و ڕزگاری بڕیاریاندا خۆیان لە بۆتەی پارتی بتوێننەوە(بارزانی، ١٩٩٧،ص٣٥)، دەستەی دامەزرێنەرانی حزب (مستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری سدیق شاوەیس، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، ساڵح یوسفی، حلمی عەلی شریف، ئیسماعیل عارف، شەمسەدین موفتی) بوون(البلداوی، ٢٠٢٠،ص١٣١)، زۆرینەیان جگە لە مستەفا بارزانی و جێگرەکانی (شێخ لەتیف و کاکە زیاد) کە لە چینی باڵای شێخان و دەرەبەگی ئاینی بوون، ئەوانیتر لە چینی ناوەڕاستبوون(مام جەلال،٢٠١٧،ل٤٧)، لایەنگرانی حزب لە زۆربەی چین و توێژەکان پێکهات و لەسەر ئاستی ناوخۆی حزب لە بەشداری پێکردنی چینی دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکان ناکۆکی هەبوو و جۆرێک لە ململانێی چینایەتی سەریهەڵدا.

زۆربەی ئەم کۆمەڵ و پارتانە بە پاڵنەرێکی سیاسی و نەتەوەیی و لە سۆنگەی هەستکردن بە دواکەوتووی گەلی کوردەوە کاریان بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی کردووە.

بەوەش توانیان بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کورد بەرەوقۆناغێکی پێشکەوتووتر ببەن و گەشە بە هۆشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردستان بدەن.

## تەوەری چوارەم- گۆڕانکارییە سیاسییەکان:

چالاکانی چینی ناوەڕاست لە توێژە وردە بۆرژوا و ڕۆشنبیرەکەی باشووری کوردستان توانیان گۆڕانکاریی لە ئاراستە هزرییەکانی بیرکردنەوەی سیاسی کۆمەڵگای کوردی دروستکەن. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە خواستنی بیری چەپ بوو، ئەم بیرە لە نێو ڕۆشنبیران و خوێندەواران و کاسبکاران و بازرگانان و جوتیاران برەویسەند، ئەمەش بۆ سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت لە جەنگ و هەلومەرجی کۆماری کوردستان بە یارمەتی سۆڤێت و بڵاوبوونەوەی بیری چەپڕەوی لە جیهانی سێیەم و بەڵێنە ناڕاستەکانی بەریتانیا بۆ کورد دەگەڕایەوە. لێرەوە پێگە و شوێنی حزبی شیوعی لە شارەکانی کوردستان بەهێزبوو، سەدان کورد لەو حزبەدا ئەندام بوون (کەریم، ٢٠١٢، ل٥٤).

هەمەلایەنکردنی بەرنامەی سیاسی پارتەکان لە ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستدا یەکێکی دیکە لە گۆڕانکارییان بوو، بە شێوەیەک زۆربەی پێکهاتە و داواکارییەکانی کۆمەڵی گرتەوە، بەرنامە و پرۆگرامی حزبەکانی وەک: ڕزگاری و شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر گشتگیر و فراوانتر ژیانی کۆمەڵگای کوردی گرتووەتەوە. بەرنامەی سیاسی حزبی ڕزگاری کورد لە "ئامانجی یەکخستن و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە، کۆشش لەڕێگەی سەربەخۆیی کارگێڕی لە کوردستانی باشووردا، وەک هەنگاوێک بەرەو بڕیاردانی پاشەڕۆژ، تێکۆشان بۆ نەهێشتنی گشت چەوساندنەوە و جیاکردنەوەیەکی نەتەوایەتی، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی تری دەرەوەی باشوور، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گشت گیروگرفتە سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئابوورییەکان، بەرزکردنەوەی ڕادەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی زانست و زیندووکردنەوەی مێژوو لە گەڵ وێژەی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەزگاکانی میری و قوتابخانەکانی ناوچە کورد زمانەکان، هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد بۆ ڕای گشتی جیهانی، هاریکاری لەگەڵ پارتە دیموکراتەکانی عێراق.... تاد" پێکهاتووە (بابان و ئەوانیتر، ٢٠٠٠، ل٥٣)، ئەوەش بەڵگەی پێگەیشتنی هزری سیاسی دەستەبژێری سیاسی و پێکهێنەرانی حزب لە باشووری کوردستان بووە.

هەروەها هەوڵدراوە تاکی کورد فێری پابەندیی و کاری ڕێکخراوەیی و حزبایەتی بکەن، نهێنی پارێز و دڵسۆز بێت، ئەوەش بە چەندین ڕێگا، لەوانە بە ئایدۆلۆژیا کردن و پیرۆزکردنی ناسیۆنالیزم لە دڵ ودەرونیاندا و سوێندخواردنی ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکاندا، یەکێک لە نمونەی ئەو سوێندانە بریتییە لە "سوێند بە شەرەف و ناموسم دەخۆم کە هەر فەرمانێک ڕێکخراوەکە بیدا و سەرلەبەری ئەو فەرمانانەی کە لەلایەن کەسێکی بەرپرس یان دەستەکانەوە دەدرێن، لە هەر کوێ و لەهەر کاتێکدا بێت قبوڵ بکەم، تەنانەت ئەگەر سەریشمی تێدا بچێ مافی ئەوەم نییە لەسەری هەڵدەمێ و

دەقاودەق وەک خۆیان چۆنن، بەو جۆرەیان بە جێ بێنم، لە هەرچی ڕێکخراو و کەسانێک کە تا ئێستا پەیوەندیم لەگەڵیان هەبووە واز بهێنم لە پێناوی ئامانجی نەتەوەییدا، هەرچی دەزگایەک لە بن دەستمدان لە ژێر فەرمانی ئەم ڕێکخراوەدا ئامادەیان بکەم و بێ فەرمانی ڕێکخراوەکە بەکاریان نەهێنم بۆ کاری تایبەتی خۆم" (سەعیدA، ٢٠٠٦، ل١١١).

چینی ناوەڕاست لە هەوڵیدا بۆ شارەزایی لەشێوازی خەباتی نوێی مەدەنی، دەیان ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵەی پیشەیی لە ناوخۆ و دەرەوە، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی کاری سیاسی و ڕێکخستن و داواکردنی مافەکانیان لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان دامەزراند، ئەمە لە ساڵانی چلەکان بەرەو سەرەوە نەریت و کولتوری کارکردنی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان بوو، توێژە سیاسییەکە ڕۆڵی گرنگیان لەم ڕووەوە هەبوو. جەلال تاڵەبانی کە ئەو کاتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٨ بیرمان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی جوتیارانی کوردستان و ڕێکخستنی کەناسی شارەوانی و ئەو گروپە زۆر نەدارانەی کە هیچیان نەبوو، وەک ئەوانەی لۆکە و پەمۆ چاکدەکەن لە هەلاجەکان و ئاسنگەر و شاگردەکانیان، توانیمان لەناویاندا گروپ دروستکەین و دواتریش پەیوەندی لەگەڵ جوتیارانی لادێکان دروستکەین (مام جەلال، ٢٠١٧، ل٤٦). بەهۆی ئەم شێوازە خەباتەوە چالاکی حزبی پەرەیسەندووە و سەدان کەس بوونەتە ئەندامی پارتی دیموکرات، خەڵکێکی زۆر لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان کۆبوونەتەوە.

لە ١٤ نیسانی ١٩٤٨ بە پشتگیری حزبی شیوعی عێراقی، یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق لە شاری بەغدا یەکەم کۆنگرەی بەست (فەیزی، ٢٠٠٩، ل١٦١٥)، لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ بە پشتگیریی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێکهێنرا(کەریم، ٢٠١٢، ل١١٩)، کە کاریگەرییان لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی هەبووە و خزمەتی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کردووە (مام جەلال، ٢٠١٧، ٦٥). چەندین سەندیکا و ڕێکخراوی پیشەیی نهێنی و ئاشکرای وەکو (سەندیکای نانەوایان، ئاسنگەران، دارتاشان، شۆفێران، بەرگدرووان... هتد) پێکهێنران، هەروەها کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥و لقی کۆمەڵەی مامۆستایانی سلێمانی لە ١٩٤٨و ڕێکخراوی یەکێتی خۆشکانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٧و ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٥٣ و کۆمەڵەی نابینایانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی ئاینی لە ١٩٥٣ دامەزران (سەید قادر، ٢٠٢١، ل٢٧٩).

لە وڵاتانی ئەوروپا خوێندکارانی کورد چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی خوێندکارییان دامەزراند کە ئامانجی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی و هۆشیاکردنەوەی کوردی هەبوو، (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) کە لە شاری ویسبادی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە، دواتر لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی کوردی بەغداوە چەندین چالاکی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکراوەتەوە (عەبدوڵا، ٢٠٠٥، ل٥).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ململانێی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژیی لە نێوان

چەپەکان و نەتەوەخوازەکان (پارتی و شیوعی) دروستبوو، ڕێکخراوەکانی قوتابیانی پارتی و شیوعی ململانێی یەکتریان کرد (مەجید، ٢٠١٢، ل١١٠).

یەکێکی دیکە لەو گۆڕانە سیاسیانەی چینی ناوەڕاست کولتوری دروستکردنی بەرەی سیاسی و حزبی و یەکگرتن یان توانەوەی چەند ڕێکخراو و کۆمەڵە و حزبێکی بچوک لە بۆتەی یەک ڕێکخراو و حزبی گەورە بوو، ئەوەش لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و مەدەنییەکان بوو.

لەم قۆناغەدا سالح حەیدەری کە لە توێژی باڵای چینی ناوەڕاست بوو، یەکەم بەرەی سیاسی نیشتمانی لە مێژووی سیاسی کورد لە ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ دروستکرد. بڕیاری پێکهێنانی حزبی ڕزگاری کوردیدا، بەرەی نیشتمانی لە حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق و حزبی ڕزگاری کورد پێکهێنا و ویستی چەترێکی نیشتمانی بۆ هەڵسوڕانی چەپگەرانەی حزبەکەی دابینبکات (ئەسەسەرد، ٢٠١٢، ل١٣). هەر بۆیە دەبینین لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بیرۆکەی یەکخستنی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەییدا لای دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریی چینی ناوەڕاست سەریهەڵدا. کە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە ساڵی ١٩٤٦ (کەریم، ٢٠١٢، ل٩١)، نمونەیەکی دیار ئەم بوارەیە.

چینی ناوەڕاست لە عێراق و کوردستان هەوڵەکانیان بۆ گۆڕانکاریی لە جۆری سیستمی سیاسی وڵات لە ساڵانی سییەکانەوە تا شەستەکان بەردەوامیی هەبووە، زۆربەی چین و توێژە جیاوازەکانی چینی ناوەڕاست داوای سیستمێکی دیموکراسیان کردووە کە ئازادیی و فرەحزبی و تاکگەرایی لە چوارچێوەیدا ڕەنگبداتەوە، ئەوەی زیاتر هاوکاری ئەم چینەی کرد باشبوونی دۆخی داراییان بوو، کە جۆرێک لە چاوکراوەیی سیاسی و سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پێدابوون، کە دەیانتوانی سەرکردایەتی جوڵە مەدەنییەکان دژ بە دەسەڵات بکەن(الخالدی، ٢٠١٥، ل١٥٤).

لە باشووری کوردستان بە درێژایی خەباتی نەتەوەیی حزب و پارتە سیاسییەکان داواکاریی سەرەکییان دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، ئەوەش لە بیر و خوێندنەوەی خەڵکانی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد بووە کە ئاگاداری سیستمە جیاوازەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون و دەیانویست لە عێراق و کوردستانیش سیستمی سیاسی بەو ئاڕاستەیە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، کە لە پرۆگرامی زۆرێک لە حزبە کوردییەکانی سەدەی بیست ڕەنگیداوەتەوە(طالبانی، ٢٠٠٩، ل٨٨). ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران دەیان بابەتیان لەسەر نوسیوە، هەوڵدراوە پێناسەی دیموکراسی و جۆر و شێوازەکانی و پرەنسیپ و بناغەکانی ڕوونبکرێتەوە، "بڕوامان بە سەرکەوتنی دیموکراسی لەوڵاتەکەماندا پتەوە و لەرزۆک نییە و نابێت، سەرکەوتنی دیموکراسی بووەتە شتێکی یەکلابووەوە، نەک لە وڵاتی ئێمەدا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا. چەند ئێمە بڕوامان بە مافی گەل هەبێت لە بەڕێوەبردن و حوکمی خۆیدا، لە گوزارشتکردن لە خۆی، ناردنی نوێنەرانی کە دەربڕی هیوا و

کەموکوڕیەکانیەتی، ئێمە وەک تاک و وەک کۆمەڵ هەست بە ڕێزی خۆمان بکەین"(نزار، العدد٥، ١٩٤٨، ص١). پێیانوابووە دەسەڵات و حکومەت لە میللەتەوەیە و هی میللەتە و بۆ میللەتە، بۆیە ئەبێت کاربەدەستی حکومەت هەوڵبدات لە میللەت نزیک ببێتەوە، بۆ ئەوەی تێیان بگات و میللەتیش تێبگات حکومەت هی ئەوانە و بۆ ئەوانە.

لە هەمان کاتدا دیموکراسی تەنها حوکمکردنی زۆرینە نییە، بەڵکو پێویستە ڕێزی بیرو باوەڕی کەمایەتییەکانیش بگیرێت، چونکە لە هەرکوێیەک بەرهەڵستی بیری کەمایەتی کرا لەو شوێنە دیموکراسی ڕاستەقینە بوونی نییە. لە دیموکراسیدا ئادەمیزاد وەک یەک ئافەریدەن بەهۆی ئەو مافانەی کە سروشت پێی بەخشیون، واتە بەهۆی مافی ژیان و سەربەستییەوە بە ژیانەوە بەستراون، حکومەتەکان هێز و توانای خۆیان لەو خەڵکەوە وەردەگرن کە بەڕێوەیان دەبەن، ئەم خەڵکە بەئارەزووی خۆی ئەم مافی بەڕێوەبردنە بە حکومەت دەبەخشێت(سەعیدB، ٢٠٠٦، ل٢٢١).

داواکردنی ئۆتۆنۆمی یەکێکی دیکەیە لەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە وردە بۆرژوا و سیاسەتمەدارانی کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هێنایانە کایە، ئەوەش دوای ئەوەی پێشتر و لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکە پارت و بزوتنەوە کوردییەکان داوای دروستکردنی کوردستانی گەورەی سەربەخۆیان دەکرد، بەڵام لە دوای جەنگ ئەم دیدگا گۆڕا. لەم بارەیەوە (نەجاتی عەبدوڵا)ئاماژە بەوە دەکات، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە ڕێبازی داواکردنی کوردستانی گەورە لایدا و لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان، هێز و لایەنە سیاسیەکان بانگەشەیان بۆهەرێمچێتی و یەکێتی ئەو وڵاتانە کرد(ڕابوون، ژمارە٢٦، ١٩٩٩، ل٦٣). (جەمال نەبەز)یش دەڵێت: "دروشمی هوردە بۆرژوای کورد بوو بە (پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) هێندێ جاریش دژ بە کوردە سەربەخۆخوازەکان دەوەستانەوە کە باسی سەربەخۆیی تەواوەتی کوردستانیان دەکرد"(نەبەز، ١٩٨٥، ل٢٠).

لەبەر ئەوە لەم مێژووە بە دواوە ئەگەر سەرنجی دروشمەکانی کوردبدەین لە سەربەخۆی بۆ (خود موختاری و ئۆتۆنۆمی) بۆ کورد و دیموکراتی بۆ گەلانی تورک و فارس و عەرەب و پێکەوەژیان گۆڕاوە (سەعیدA، ٢٠٠٦، ل١٢٠). ئەم گۆڕانکارییە هەرچەندە توێژەران و مێژوونوسان بە کارێکی نێگەتیڤیان داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا درککردنی وردە بۆرژوای کورد بووە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی کە جیهان ڕێگە نادات سنوری چوار دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵوەشێتەوە و کوردستانی گەورە دروستکرێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە وردە بۆرژوای کورد، هەوڵیاندا خاڵی هاوبەشی سیاسی و خەباتی ڕزگاری لە نێوان گەلی کورد و عەرەبی عێراق بدۆزنەوە، ئەوەش بۆ دروستکردنی دۆستایەتی لە بری دوژمنایەتی، خاڵە هاوبەشەکە خەباتی نیشتمانی دژی کۆڵۆنیالیزم و تێکۆشان بۆ ئازادی تەواوەتی وڵات بوو. ئیبراهیم ئەحمەد یەکێک بوو لەو سیاسی و ڕۆشنبیرانەی ئەم دیدەی هەبوو، پەرتوکێکی

به ناوی (کورد و عەرەب)ەوە دەرکرد، کە سەرلەبەری باسی لە خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب بۆ بەدەستهێنانی ئازادی گەلی عێراق و کوردستان کردووە، بەتایبەتیش لەو کاتەدا لە عێراق ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەران چەند پارتێکی سیاسیان دروستکردبوو، وەک پارتی (ئەهالی) و تێکەڵییەکی زۆر لە نێوان سەرکردەکانی ئەم پارتە و سەرکردە کوردەکاندا دروستبووبوو(طالبانی،٢٠٠٩، ص٧١).

خەباتی دەستوریی و داواکردنی نوسینەوە و چەسپاندنی دەستور وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نێوان گەلان وئەو دەسەڵاتەی کە فەرمانڕەوایی کردوون، داواو ئامانجێکی دیکەی چینی ناوەڕاست بوو، ئەم خەباتە دەستورییە لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی دامەزراوە مەدەنییەکانەوە دەستپێکردووە، بە شێوەیەک پەیوەستەگی نەتەوەیی لە بەرانبەر دەسەڵات، بە ڕێژەی پەیوەستبوونی دەسەڵاتی عوسمانی بە دەستور و جێبەجێکردنی خواستە یاسایی و دەستورییەکانەوە بەستراوەتەوە. جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە ئاماژەیی بەوە کردووە، ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرە کوردەکان لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی دەستوریخوازی عوسمانی و مەشروتەخوازی ئێران و شۆڕشی ڕوسیای ساڵی ١٩٠٥، دەستیان کرد بە هاوکاریکردنی شۆڕشگێرانی ئەو گەلانە، ئەوەش بە ئومێدی ئەوەی بتوانن لە چێوەی دەستوردا مافی لامەرکەزیەت بۆ کورد لە سنوری وڵاتەکاندا بەدەستبهێنن(طالبانی، ١٩٦٩، ل٩١).

لە دوای لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراق دەستەبژێر و پارتە سیاسیەکانی کورد لە قسەکردن لە سەر گرنگی دەستور و یاسا و سیستمی سیاسی بەردەوامبوون. لەم ڕووەوە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی ئەو قۆناغە ژمارەیەک وتار و نوسینی لەسەر ماف و دەستور و یاسا و جۆرەکانی حوکمڕانی بڵاوکردووەتەوە، دەستور یاخود یاسای بنەڕەتی بە"کۆمەڵێک ڕێبازی یاسایی کە بەهۆیەوە مافەکانی گەل و ئەرکەکانیان دیاری دەکات، هەروەها مافەکانی سەرۆکی دەوڵەت و ئەرکەکانی و شێوازی حکومەت و چۆنیەتی ڕووندەکاتەوە، دەستور یاسای باڵای هەموو نەتەوەیەکە، بەڵکو ئەو پاڵپشتییەیە کە یاساکان پشتی پێدەبەستن، هەروەها هەردوو چەمکی (قانون و نیزام) وەک دوو چەمکی جیاواز پێناسە کراون. بایەخی زۆر بە مێژووی بیری سیاسی دراوە، جۆری حکومەتەکان دیاریکراون، پاڵپشتی و لایەنداری بۆ لایەنە ئەرێنییەکان و دژی لایەنە نەرێنییەکان بوون، "بەرە بەرە لەسەر شکێنی هەندێک پادشاهی ستەمگەر عەدالەت پەیدا بووە، ئینجا دوای ئەوەی کە عەدالەت کەوتە ناوان، هۆبز و جانجاک ڕۆسۆ و پەیڕەوانی ئەوان حقوقی بەشەرییان هێنایە پێشەوە و تەشکیلی حکومەت وەک ئێستا بوو بە شکلی مشروطیکە قەوانین ئیدارە لە طەرف میللەتەوە دابنرێ"(سەعیدB، ٢٠٠٦، ل٢٢٤).

هەر لە ژێر کاریگەریی ئەوەدا لە ساڵانی بیستەکانەوە لە کۆتایی سییەکان دەستەبژێری کورد داوای ئەو مافەکانەی کوردیان کرد کە لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان و بەریتانیادا چەسپێندرابوون، کە مافە نەتەوەیی و کولتوری و کارگێڕییەکان لە یاسای بنەڕەتی عێراقدا بچەسپێنرێت، بەڵام گوێیان لێ

نەگیرا و ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای لە ساڵی ١٩٣٠ لێکەوتەوە، لە دوای سەربەخۆی عێراق تا کۆتایی پاشایەتی توێژی سیاسی و وردە بۆرژوا لە ڕۆڵە سیاسییەکەی بەردەوامبووە و لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بەشێک لە مافە نەتەوەییەکان لە ناو دەستوری نوێدا جێگەی کرایەوە(عمر، ٢٠٠٥، ص٦٦). "ئێستا ئێمە کە ئەمەندە ئەڕێسین مەقصەدمان یەک کەلیمەیە قانونی عێراق (شامل) بێ چونکە عێراق شەرقی لە غەربی ناکا و شمالی لە جنوبی ناکا و هەر لایە و لە ئاوازێک ئەخوێنی"(ژیان، ژمارە٤٧٠، ١٩٣٦، ل١).

بۆ گرنتیکردنی حوکمێکی ڕەشید، داوای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە یەکتر کردووە، گرنگی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر ئەوەی لە هەر وڵاتێکدا ئەم دەسەڵاتانە لە یەک جیا نەکرێنەوە، ئەوا لە یەک دەستدا کۆدەبنەوە و حکومەتی ڕەها و کەڵەگایی سەرهەڵدەدات، هەر یەکێک ئەو دەسەڵاتانەی هەبێت، ئەوا خۆی یاسا دادەڕێژێت و خۆیشی جێبەجێیدەکات(سەعیدB، ٢٠٠٦، ل٢٢٦)، هەر بۆیە لەم سۆنگەوە داوای دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە سیستمی پاشایەتی عێراق کردووە و بە قازاجی گەلی کورد و عەرەب لە قەڵەمیانداوە.

جگە لەوەش، بۆ ساخکردنەوە و یەکلایی کردنەوەی هەر گرفت و کێشەیەک لە وڵاتدا پرەنسیپی (هەڵبژاردن)یان کردووەتەوە چارەساز، داوایان کردووە هەڵبژاردن وەک مافێکی سروشتی و هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا فەراهەمبکرێت، لەبەرئەوە چیەتی و چۆنیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن و جۆرەکانی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، یاخود کێن ئەو کەسانەی مافی هەڵبژاردنیان هەیە کراوەتە هەوێنی باسکردن و داواکارییەکانیان. هەروەها لەگەڵ ئەم بانگەشەیەدا بۆ هەڵبژاردن کە تیایدا خەڵک نوێنەری خۆیان دیاریدەکەن، ئەرکەکانی سەرشانی نوێنەرانیشیان ڕوونکردووەتەوە، بەرپرسیارێتی سەرشانیان ئاماژە پێکردووە، تەنانەت قسەیان لە بارەی ئەو نوێنەرانەش کردووە کە تاوان دەکەن(سەعیدB، ٢٠٠٦، ل٢٢٧).

شاعیرانیش کە بە درێژایی سالانی (١٩٢١ -١٩٦٨) لە ڕێگەی هۆنراوە و شیعرە نەتەوەییەکانیانەوە ڕۆڵی سیاسی دیاریان هەبووە، زۆر جار هەوێنی جووڵە و ڕاپەڕینە سیاسییەکان بوون. لە مێژووی سەدەی بیست شاعیرەکان بۆ فیگەرێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دیار گۆڕاون، شیعر و سیاسەت بە جۆرێک تێکەڵن ئەستەمە لێکتر جیابکرێنەوە، لەم سەردەمەدا نەوەیەک دروستبوون کە نەوەی گواستنەوەن لە شاعیرەوە بۆ سیاسی، ئەو کەسانەش وەک (هێمن و هەژار و فایەق بێکەس و ئیبراهیم ئەحمەد و گۆران و ئەحمەد هەردی و دەیانی دیکە) کە هەموو شتێکیان لە کایەی ئەدەب و فیکردا بە نرخی سیاسی پێواوە، لای ئەمان وشەی (خەبات) پیرۆز سەیرکراوە، ڕۆڵی سیاسی شاعیران لە ڕێگەی شیعرەوە بارگاویکردنی جەستەی کۆمەڵگایە بۆ تێکۆشان (عەلی، ٢٠١٩، ل١٨٧).

هێنانەکایەی پارت و ڕێکخراوی ئاینی ئیسلامی (ئیسلامی سیاسی) ڕۆڵی سیاسیی بەشێک لەتوێژی پیاوانی ئاینی بوو، ئەم جۆرە لە ئاینداریی پێشتر لە کوردستاندا نەبووە و زیاتر شێوە

میللیەکەی هەبووە. ئەم ڕۆڵە نوێیە لە ژێر کاریگەریی دەرەوەدا و بەتایبەت وڵاتانی ئیسلامیدا بووە، کە چەند دەیەیەک بوو ئەو جۆرە پارت و بزووتنەوانە سەریانهەڵدابوو، بە تایبەتی بزووتنەوەی (برایانی موسوڵمان - الاخوان المسلمين) لە میسر و ووڵاتانی کەنداو.

لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا کاریگەریی بیری ئیخوان موسلمین لە کوردستان دەرکەوت و ژمارەیەک مەلا و پیاوی ئاینی هەڵگری بوون، لەوانە: ئەمجەد زەهاوی و نورەدین واعیز و نیزامەدین عەبدولمجید، عەبدوڵا ئەربیلی و تەها حەسەن سەنجاوی و محەمەد یاسین محەمەد و سادق موختار و عوسمان عەبدولعەزیز محەمەد) بوون، کە توانیان چەند لقێکی نهێنی ڕێکخراوی (برایانی موسوڵمان) لە موسڵ (١٩٥٢/١٠/٤) و لە هەولێر (١٩٥٣/٧/١١) و لە کەرکوک (١٩٥٣/٧/١٠) و دواتریش لە هەڵەبجە و چەند شارێکی دیکە دابمەزرێنن(البوتانی، ٢٠١٧، ل٤٧).

چینی ناوەڕاست بەشداری و پشکداریان لە بەشێک لە ڕۆڵە سیاسیی و ئایدیا جیهانییەکانیش هەبووە، هەڵوێستیان لەسەر پرسە جیهانیەکان نیشانداوە، بزووتنەوەی ئاشتیخوازان، بزووتنەوەیەکی جیهانی بوو ئامانجی بەرقەراربوونی ئاشتی بووە لە جیهاندا، کە لە ئەنجامی کاولکارییەکانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری ستۆکهۆڵمی سوید بەست، لەسەرەتای پەنجاکاندا ئەمین زەکی بەگ و گۆرانی شاعیر و ناهیدەی شێخ سەلام، حەپسەی نەژادی عەزیز بەشدارییان لەو بزووتنەوەیەدا کردووە، هەروەها مامۆستایانی ئاینی و فەقیانی شارەکانی باشووری کوردستانیش هەر یەکە و لیژنەی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە، ئامانجی ئەم ڕێکخراوەش بریتی بووە لە ڕەتکردنەوەی بەشداریکردنی عێراق لە هەر هاوپەیمانییەکی سەربازی کە بە مەبەستی جەنگ و دوژمنکاری بێت(مجید، ٢٠١٠، ل١٢٠).

چالاکانی چینی ناوەڕاست لە سەرجەم بوارە سیاسیەکانی وەک دروستکردنی پارت و حزبە سیاسیەکان و پێکهێنانی کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، تا دەگاتە قسەکردن و فشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ مافە نەتەوەییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە سەر شێوازی سیستمی سیاسی وڵات و پردی دیموکراسی و ئازادی و چەندین بابەتی تر دەستیان هەبووە، ئەوەش هەمووی بۆ ئەو ژێرخانە ئابووریی و سەرمایە مەعریفی و ڕۆشنبیریی و هۆشیارییە دەگەڕێتەوە کە چینی ناوەڕاستی پێ لە چینەکانی دیکە جیادەکرێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا، دەکرێت ئاماژە بەم ئەنجامانەی خوارەوە بکەین:

١. هزری نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیستی، بە زۆری لە ناو توێژەکانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ وەک شاعیران، هۆنەرمەندان، مامۆستایان، یاساناسان، فەرمانبەران، پیشەگەران و بازرگانان و بۆرژوازاندا سەریهەڵداوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە تا ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست، ئەم چینە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە برەوپێدانی هەستی نەتەوەیی بینی تا کردیانە هۆشیاری نەتەوایەتی لای تاکی و کورد. هەروەها لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و حزبایەتی کە هاوشانی خەباتی چەکداری بوو لە مێژووی باشووری کوردستاندا، توانیان هۆشیارییەکە بگۆڕن بۆ ئایدۆلۆژیا، ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژیا و جیهانبینییەکی نوێ لە کوردستاندا بهێننە کایەوە و بیکەنە ویردی زمانی تاکەکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

٢. جگە لە پێکهێنانی چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی لە ماوەی ساڵانی (١٩٢١-١٩٦٨)، توێژە ڕۆشنبیر و سیاسییەکەی چینی ناوەڕاست چەندین گۆڕانکاریی لە بیری سیاسی خەڵکی کوردستاندا کردووە، لە بڵاوکردنەوەی بیری چەپگەرایی، دروستکردنی ململانێیەکی ئایدۆلۆژی لە نێوان چەپەکان و نەتەوەخوازەکان (پارتی و شیوعی)، هەوڵدان بۆ دانانی بەرنامەی گشتگیر و ئامانجی گەورە بۆ پارتە سیاسییەکان.

٣. ڕاهێنانی تاکی کوردی لەسەر پابەندی و کاری ڕێکخراوی لەسەر مۆدێلی نوێ حزبایەتی، هەروەها دامەزراندنی دەیان ڕێکخراو و سەندیکای پیشەیی و خستنەسەرپێی خەباتی مەدەنی، دروستکردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن و داواکردنی چەسپاندنی دیموکراسی بۆ عێراق وئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەوەش لە ڕێگەی دەستورێکی لیبراڵیانەی پێشکەوتووەوە کە دەسەڵاتەکانی تێدا جیاکرابێتەوە، کە دواجار کۆی ئەم هەوڵانە وایکرد تاکی کوردی هۆشیارییەکی سیاسی و نەتەوەیی گەورەتری بۆ دروست ببێت.

## سەرچاوەکان

**کوردییەکان:**


١. ئەبریشەمی، ب.س، عەبدوڵا: نەتەوەخوازی، و: سەلاحەدین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، ب.ش.
٢. ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠١٢، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی جیهانی دووەم، سەنتەری کۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.
٣. بابان، جمال، ئاسۆ بابان، ئومێد خالید، ٢٠٠٠، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی ٣، سلێمانی.
٤. بلۆ، جویسی، ٢٠٠٤، دۆزی کورد، کۆڵینەوەیەکی مێژووی وسۆسیۆلۆژی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٥. حوسێن، هیمدادی، ٢٠٠٢، ڕۆژنامەنوسی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان(١٩٤٢-١٩٤٧)، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٦. سابیر، نزار، ٢٠١١، ناسیۆنالیزم و میوزیک لە ئەزموونی کوردستان عێراقدا، ئەڵمانیا.
٧. سعید، هیوا عەزیز، ٢٠٠٣، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی.
٨. سعید، هیوا عەزیز، ٢٠١٣، ڕۆشنبیر و گوتاری فیکری، سلێمانی، چاپخانەی یاد.
٩. سەعیدA، هیوا عەزیز، ٢٠٠٦، خۆیبوون هیوا ژ.ک لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١٠. سەعیدB، هیوا عەزیز، ٢٠٠٦، ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان ١٩٠٠ -١٩٥٨، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١١. سەید قادر، شاهۆ عوسمان، ٢٠٢٠، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
١٢. شوانی، محەمەد، ٢٠١١، ڕۆڵی چینی ناوەڕاست لە پێکەوەنانی ناسنامەی نەتەوەیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٢، ئەیلولی ٢٠١١، بەشی B، سلێمانی.
١٣. شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، ٢٠٠٢، شاری سلێمانی ١٩١٨ -١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی، چاپخانەی زانست، سلیمانی.
١٤. شوانی، محمد، ٢٠١٢، سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان دەروازەیەک بۆ شیکردنەوەی چینایەتی کۆمەڵگای کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،
١٥. عبداللە، چنار سعد، ٢٠٠٩، ڕۆڵ و کاریگەری سیستەمی پەروەردە لە سەر ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەین، کۆلێژی ئاداب.
١٦. عەبدوڵا، نەجاتی، ١٩٩٩، حزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥ دوو ڕەوت و یەک کۆتایی، گۆڤاری ڕابوون، ژ (٢٦).
١٧. عەبدوڵا، نەجاتی، ٢٠٠٧، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨-١٩٣٣) لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەرنسادا، بنکەی ژین، سلێمانی.
١٨. عەلی، بەختیار، ٢٠١٩، ئایدۆلۆژیست، چاپی دووەم، سلێمانی.
١٩. سەجادی، عەلائەدین، ١٩٩٦، مێژووی ڕاپەڕینی کوردی ، چاپی دووەم، سەقز.
٢٠. فەیزی، گۆران سۆران، ٢٠٠٩، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٣٥-١٩٥٨، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بیروت.
٢١. زەکی، محەمەد ئەمین، ٢٠٠٠، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپی سەردەم، سلێمانی.
٢٢. قادر، مهدی محەمەد، ٢٠٠٩، هەولێر لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیسکلۆپیدیای هەولێر، لوبنان.
٢٣. قەرەداغی، عەتا، ٢٠٢١، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٢٤. کەریم، توانا ڕەشید، ٢٠١٢، سلێمانی لە نێوان (١٩٤٥- ١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، هەولێر،
٢٥. مالمیسانژ، ٢٠١٨، جڤاتا هێڤی تەلەبێ کوردان، ١٩١٢-١٩٢٢، وەرگێرانی، زریان ڕۆژهەڵاتی،

بنکەی ژین، سلێمانی.
٢٦. مام جەلال، ٢٠١٧، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی، سەلاح ڕەشید، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٢٧. مجید، هەوراز جەوهەر، ٢٠١٢، شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨ – ١٧ی تەموزی ١٩٦٨)، لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٨. محمود پور، ڕەوف، ٢٠١١، بنەماکانی بزاڤی نەتەوەیی و ڕەهەندی ڕۆشنبیری، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٢٩. ناسراو، مارف، ٢٠٠٨، بۆ کەلتوری شارەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٣٠. نالی، ١٣٦٤، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، انتشارات صلاح الدين ايوبي، اورميه.
٣١. نەبەز، جەمال، ١٩٨٥، دۆزی ناسیۆنالی کورد، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد.

**عەرەبییەکان:**

٣٢. زکی، ڕمزی، ١٩٩٦، الليبرالية الجديدة تقول وداعا للطبقة الوسطى، مجلة عالم الفكر، السنة ٣٥، العدد ٢، اكتوبر ١٩٩٦.
٣٣. الطالباني، جلال، ١٩٦٩، كردستان والحركة القومية الكردية، ط١، بيروت، لوبنان
٣٤. جورفتش، جورج، ١٩٦٨، دراسات في الطبقات الاجتماعية، ترجمة: احمد ڕضا محمد ڕضا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
٣٥. ريزنيكۆف، ١٩٨٧، الكومنترن و الشرق الاستراتيجى و التاكتيكات، ترجمة نصير سعيد، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية فى العالم العربى، د.م، .
٣٦. شريف، عبدالستار طاهر، ٢٠٠٧، الجمعيات و المنضمات والاحزاب الكوردية في نصف القرن (١٩٠٨- ١٩٥٨)، ط٢، مؤسسة سەردەم، سليمانية.
٣٧. البوتانى، عبدالفتاح على، ٢٠١٧، الاسلام السياسى فى اقليم كردستان العراق، اربيل، .
٣٨. لينين، فلاديمير، ١٩٦٦، المختارات فى ثلاثة مجلدات، المجلد ١، الجزء ٢، دار التقدم، موسكو.
٣٩. المحرر، ١٩٤٨، فوز الديمقراطية لاريب فى، مجلة (نزار)، العدد (٥)، السنة ١، بغداد، الاثنين ٣١ی مايس.
٤٠. طالبانى، مكرم، ٢٠٠٩، مراحل تطور الحركة الكردية، مؤسسة حمدى للطباعة، سليمانية .
٤١. الخالدي، نبيل عمران موسى٢٠١٥، الطبقة الوسطى في العراق، التحليل سوسيولوجى، الطبعة الاولى، دار النيبور، الديوانية .
٤٢. عمر، شۆڕش حسن، ٢٠٠٥، حقوق السعب الكردى فى الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.
٤٣. البلداوى، عادل تقى محەمەد،٢٠٢٠، التكوين الاجتماعى للاحزاب و الجمعيات السياسيه العراقية ( ١٩٠٨- ١٩٧٩)، مطبعة الكتاب، بغداد.
٤٤. البارزانى ،مسعود، ١٩٩٧، ، البارزانى و الحركة التحررية الكردية، ج٢، ط٢، بيروت.

**ڕۆژنامەکان:**

٤٥. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٧٠)، پینجشەممە، ٧ی ئازار، ١٩٣٦.
٤٦. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٣٠٢)، شەممە، ٣٠ی تشرینی دووەم، ١٩٣١.